ئەم پرۆژەیەلەلایەن ئەنجومەنی شووراى هەرێمی کوردستان-عێراق پێداچوونەوە بۆی ئەنجامدراوە

# یاسای ژمارە (  )ی ساڵی ٢٠٢١
# یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان - عێراق

## بەشی یەکەم
## پێناسەکان

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم دەستەوازانەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە:

**یەکەم - هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم – وەزارەت:** وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

**سێیەم – وەزیر:** وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

**چوارەم - بریکاری وەزارەت:** بریکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

**پێنجەم – ئەنجومەن:** ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم.

**شەشەم – دەستە:** دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.

**حەوتەم - ئەنجومەنی بەڕێوەبردن:** ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم.

## بەشی دووەم
## ئامانجەکان

**ماددەی (٢):**

ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتین لە:

**یەکەم:** پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی شارەوانی و پەرەپێدانی ئاستی خزمەتگوزارییە جیاوازەکانی شارەوانی لە ڕووی چەندی و جۆری.

**دووەم:** دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ هاوڵاتیان هەرێم و هەوڵدان بۆ زیادکرنی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی.

**سێ یەم:** دارشتنی سیاسەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی بۆ شارو شارۆچکەکانی هەرێم.

**چوارەم:** ڕەخساندنی بواری گونجاو بۆ پاراستنی ژینگەی هەرێم بەشێوەیەکی خاوێن و تەندروست و بایەخدان بە ناوچە و پانتاییە سەوزاییەکان و دروستکردن و بەردەوامیدان بە پێدانی پارک و باخچە و ناوچە سەوزاییەکان.

**پێنجەم:** کارکردن بۆ ڕاکێشانی سەرمایە و هاندانی وەبەرهێنان لەڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمدا لەچوارچێوەی یاسا بەرکارەکان، بە شێوەیەك ببێتە مایەی پێشکەوتنی ئابووری و فەراهەمبوونی هەلی کاری زیاتر بۆ هاوڵاتیان.

**شەشەم:** کارکردن بۆ جێبەجێکردنی بنەمای هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان، بەشێوەیەک کە لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدا بێت.

**حەوتەم:** پلاندانان و رێکخستن و ئاراستەکردن و بەدواداچوون و پەرەپێدانی چالاکیی گەشتوگوزاری و بەرزڕاگرتنی ڕۆڵەکەی ، لەگەڵ پەرەپێدانی ناوچە گەشتیارییەکان و پتەوکردنی رۆڵی کەرتی تایبەت و کەرتی تێکەڵاو و هاندانی سەرمایەی نیشتیمانی و بیانی بۆ وەبەرهێنان لەم کەرتە لە چوارچێوەی پلانەکانی کەرتی گەشتیاری و ئەرکە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کولتورییەکان.

**هەشتەم:** پەرەپێدانی گەنجینەی کولتووری بەشێوەیەکی بەرپرسیار و هاوسەنگ لە رێگەی ئەنجامدانی ئەرکەکانی ڕووپێوی و دەستنیشانکردن و هەڵکەنینی زانستی و ورد لەهەموو شوێنەوارەکان و پاراستن و نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێن و ناوچانە لەسەر بنەمایەکی بەردەوام بەئامانجی پیشاندانی سیما شارستانییەکانی هەرێم.

## بەشی سێیەم
## ئەرکەکانی وەزارەت

**ماددەی (٣):**

**ئەرکەکانی وەزارەت بریتین لە:**

**یەکەم:** پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و دروستکردنی رێگەوبان و پرد و تونێل، لە سنووری شارەوانییەکان و پەرەپێدانی ئاستی خزمەتگوزارییە جیاوازەکانی شارەوانی لەڕووی چەندی وجۆری، بە شێوەیەك ببێتە مایەی دابینکردنی پێداویستییەکانی هاوولاتیان و خۆشگوزەرانی دانیشتووان.

**دووەم :** سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی پلان و پرۆژەکانی شارەوانییەکان و فەرمانگەکانی وەزارەت لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان کە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە کاریگێکراوەکان دەردەچن.

**سێیەم :** دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و دامەزراندنی وێستگەکانی دابینکردنی ئاو و تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاو بۆ هاوڵاتیان.

**چوارەم :** دروستکردنی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ بۆ ئاوی قورس و ئاوی باران لەگەڵ دروستکردنی وێستگەی تایبەت بە دووبارە پاکژکردنەوەی ئاو.

**پێنجەم :** داڕشتنی سیاسەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی لە ڕێگای ئامادەکردنی نەخشەی بنەڕەتی ماستەرپلان و نەخشەی کەرتی بۆ شار و شارۆچکەکانی هەرێم لەسەر بنەمای زانستی و پاڵپشت بە ستانداری نەخشەسازی بۆ ئەوەی نەخشە و بەکارهێنانی جۆراوجۆری زەوی ببێتە پاڵپشتی پەرەپێدانی شارستانی و ئابووری لە هەرێم.

**شەشەم :** سەرپەرشتی و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی نەخشەی کەرتی و نەخشە سێکتەرەکانی دیکەی ناو ماستەرپلان کە لەلایەن شارەوانییەکان و لایەنە پەیوەندارەکان ئامادە دەکرێت بە مەبەستی کۆنترۆلکردن و کەمکردنەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر سیمای شارستانیی شارەکان.

**حەوتەم :** دانانی پلانی گونجاو بۆ پاک ڕاگرتنی ژینگەی هەرێم لە ڕێی کۆکردنەوە و چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاک لە شار و شارۆچکەکان.

**هەشتەم :** پلاندانان و بەدواداچوون و پەرەپێدانی ناوچە گەشتیارییەکان و چالاکیی گەشتوگوزاری و پتەوکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت و کەرتی تێکەڵاو و هاندانی سەرمایەی نشتیمانی و بیانی بۆ وەبەرهێنان لەم کەرتە لەچوارچێوەی پلانەکانی کەرتی گەشتیاری.

**نۆیەم :** ئەنجامدانی کاری ڕووپێوی و پشکنین و هەلکۆلینی زانستی و ورد لە ئاوچە شوێنوارییەکان و پاراستن و نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنانە لە ڕێگای تیمە پسپۆرەکان بە شێوەیەکی بەردەوام.

## بەشی چوارەم
## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی (٤):**

وەزارەت پێکدێت لە:

**یەکەم:**

أ- وەزیر : سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە کارەکانی و ئاراستەکردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێریکردنی هەموو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی پەیوەندار بە ئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتە و دەستەڵاتەکانی و هەموو کاروبارەکانی تەکنیکی و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخراوەیی و بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم. وەزیر بۆی هەیە بەشێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی ڕاسپێرێت بۆ بریکاری وەزارەت یان بەڕێوەبەرگشتیەکان یان بەرپرسانی پێکهاتەکانی وەزارەت.

**ب - نووسینگەی وەزیر :** فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات، کە بە لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و ژمارەیەک فەرمانبەر یاریدەدەری دەبن.

**دووەم:**

أ-بریکاری وەزارەت : هاوکاریی وەزیر دەکات لەڕووی ئاراستەکردنی وەزارەت و سەرپەرشتیکردنی کاروبارەکانی لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتانەی لەلایەن وەزیرەوە پێی دەبەخشرێت ، و بە لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت.

**ب- نووسینگەی بریکاری وەزارەت:** فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات، کە بەلانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت .

**سێیەم:**

ڕاوێژکاران : پێویستە بە لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بن و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕ بن و نابێت ژمارەیان لە (٤) چوار ڕاوێژکار زیاتربێت .

چوارەم:

بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان : وەزارەت لەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانەی خوارەوە پێکدێت و هەر یەک لەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیانە بەڕێوەبەرێکی گشتی کە بە لانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆری بێت بەڕێوەی دەبات:

**أ- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دیوان.**

**ب- بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کاروباری یاسایی.**

**ج- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەخشەدانانی ئاوەدانی کە لە ڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە.**

**د - بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون.**

**هـ - بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆژەکان.**

**و -بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ:**کە لەڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە.

**ز- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەوار و کەلەپوور:** کە لەڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی سەربەخۆیە .

**ر -بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانییەکان لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان و زاخۆ و سۆران** لەڕووی داراییەوە خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆیە و سەرپەرشتیارن لەسەر شارەوانییەکانی قەزا و ناحییەکانی هەرێم.

**پێنجەم : سەرۆکایەتیی شارەوانی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم:** سەرۆکی ئەم شارەوانییانە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی دەبن.

**شەشەم : دەستەی گەشتوگوزار:**

أ- دەستەی گەشتوگوزار خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و کارگێری دەبێت و فەرمانبەرێک بە پلەی تایبەت سەرۆکایەتیی دەکات کە بەلانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕێتی بێت لە بواری گەشتوگوزار ، و ئەم دەستەیە پێکدێت لە:

١- **نووسینگەی سەرۆکی دەستە:** فەرمانبەرێک بە پلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە بەلانی کەم هەڵگری بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی بێت و ژمارەیەک فەرمانبەر یاریدەدەری دەبن.

٢- بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی گەشت و گوزار لە پارێزگاکان و ئیدارەی گەرمیان.

٣- بەڕێوەبەرایەتیەکان کە بریتین لە:

أ- کارگێری و سەرچاوەمرۆییەکان

ب- بەڕێوەبەرایەتیی دارایی

ج- بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری یاسایی

د- بەڕێوەبەرایەتیی گرێبەستەکان

هـ - بەڕێوەبەرایەتیی پلان و بەدواداچوون

و- بەڕێوەبەرایەتیی بە بازارکردنی گەشتیاری

ز- بەڕێوەبەرایەتیی بەڕێوەبردنی جۆری و پشکنین

ر-     بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گەشتیاری

ح-     بەڕێوەبەرایەتی ئەندازیاری

**ب-دەستە ئەنجومەنێکی بەڕێوەبردنی دەبێت ، بەم شێوەیەی خوارەوە :**

۱/پێکهاتەی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:

-سەرۆکی دەستە/سەرۆک

-بەڕێوەبەرانی گشتی / ئەندام

-دوو لە ڕاوێژکارانی وەزارەت کە لەلایەن وەزیرەوە دەستنیشان دەکرێن / ئەندام

-بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ / ئەندام

-بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری / ئەندام

- بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو / ئەندام

- بەڕێوەبەری گشتیی کارگێڕی و دارایی و یاسایی دەستەی وەبەرهێنان / ئەندام

۲/ بڕیارەکانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن بە زۆرینەی دەنگ دەردەچێت لە کاتی یەکسانبوونی دەنگەکان بابەتەکە لە بەرژەوەندیی ئەو لایەنە یەکلادەبێتەوە کە سەرۆک دەنگی بۆ داوە، ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە تەرخانکردنی زەوی دەبێت پەسەند بکرێ لەلایەن وەزیر.

۳/ سەرۆکی دەستە دەسەڵاتی هەیە هەر پسپۆڕێک لە ناو بەدەستە یان لە دەرەوەی بانگهێشت بکات بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بۆ مەبەستەکانی ڕاوێژکاری لە کاتی پێویست بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم : وەزارەت ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری دەبێت کە پێکدێت لە:**

أ- وەزیر / سەرۆک

ب- بریکاری وەزارەت / ئەندام

ج- سەرۆکی دەستە /ئەندام

د- ڕاوێژکاران / ئەندام

ه- بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەت / ئەندام

و- وەزیر دەسەڵاتی هەیە هەر کەسێک لە ناو وەزارەت یان لەدەرەوەی بانگهێشت بکات بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن بۆ مەبەستەکانی ڕاوێژکاری لە کاتی پێویست بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

ز- ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کارە ئیدارییەکان و لەلایەن وەزیرەوە دیاری دەکرێت.

**دووەم :** کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن وەرزی دەبن یان لە کاتی پێویست ساز دەکرێن بەبڕیاری وەزیر.

**سێیەم :** ئەنجوومەن تاوتوێ پلانەکانی وەزارەت و کێشە و گرفت و بەربەستەکان دەکات و هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پێشنیارەکان بۆ وەزیر بە ئامانجی بەرەوپێشەوە بردنی ئەدای وەزارەت و بەرزڕاگرتنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان و لابردنی بەربەستەکان.

چوارەم-کۆنووسی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن وەک بڕیاری وەزاری هەژمار دەکرێت دوای پەسندکردنی لە لایەن وەزیر.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم -** وەزیر بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسانی ئاسایی و مەعنەوی و (نووسینگەی پسپۆر) واژۆ بکات کە خاوەن شارەزایی و پسپۆڕێتین لە ناوخۆی هەرێم بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئامانج و ئەرکەکانی وەزارەت بە ڕەچاوکردنی یاسا و ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکانی کارپێکراو .

**دووەم -** بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ کەسانێک لە دەرەوەی هەرێم پێویستە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی لەسەر وەربگیرێت، جگە لەو گرێبەستانەی کە بە یاسا ڕێکخراون.

## بەشی پێنجەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی(٧):**

ئەرک و تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پەیرەوێک دیاری دەکرێن کە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم دەری دەکات.

**ماددەی(٨):**

وەزیر بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبە لە ناو پێکهاتەکانی وەزارەت بهێنێتەکایەوە یان هەڵیانبوەشێنێتەوە یان لێکیان بدات.

**ماددەی (٩):**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی(١٠):**

پێویستە لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی(١١):**

یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە(١٢) ی ساڵی (٢٠١٠) هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٢):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

بەهۆی پێشکەوتن و فراوانبوونی شار و شارۆچکەکانی هەرێم ، بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بتوانن وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی هاووڵاتیان و پێداویستییەکانی هاووڵاتیان بن لە شار و شارۆچکەکاندا، و بە مەبەستی جێبەجێ کردنی پلانی حکومەت بۆ دانانی پەیکەرێکی کاریگەر و گونجاو و بە پێی پێداویستیی هەنووکەیی بۆ بەرژەوەندی گشتی و کەم کردنەوەی ڕۆتین و خەرجیەکان و ئاسانکاری جێبەجێ کردنی کاروباری هاووڵاتیان لە فەرمانگەکانی وەزارەت ، ئەم یاسایە دەرچووێندرا .